ئازادی
FREEDOM OF SOCIETY
کۆمەڵگە

ژمارە(٥١) پاییز(٢٠٢٦)

سیاسیـــــــة، اجتماعیة فصلیة

# گۆڤارێکی هـزری، سیاسـی، جڤاکیی، وەرزییە



## کۆمین بنچینەی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنیتەی دیموکراتییە

جەمیل بایک



## بۆکچین و ئۆجالان: دیالەکتیکی دیموکراسیی

جەنێت بیڵ



## ڕۆژئاوای کوردستان: لە بەرداشی دەوڵەت - نەتەوەی بەعسەوە بۆ ئاسۆی ژیانی کۆمۆناڵ

گفتوگۆ لەگەڵ ئاهین عەلی

## هزرینی ئۆجالان: پێواژۆی بەکۆمەڵگەکردنەوەی کۆمەڵگە

وریا ئەحمەد

## سرووشت وەک بنەچەی ئەخلاق

پیتەر کرۆپۆتکین

## شکستی حوکمڕانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسۆی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک

سیڤان سەعید




## شەهیدانی حەلەب

2026

# هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لـەسەر دەربڕینی ئـەو هیوا نوێیە دەکات.

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٥١ پاییز ٢٠٢٦




شەهیدان:

زیاد حەلەب

دەنیز چیا

ڕۆژبین ئامارا

دلبرین قامیشلۆ

هاوار قەندیل

فەراشین عەفرین

**بەشداران**

جەمیل بایک
وریا ئەحمەد
شێروان ئیبراهیم
عەلی ئەحمەد
هەیفا کەمال
هێمن کاکە
ئازادە ڕەحمانیی
دەشتی مەحموود
سوورێن ئیبراهیم
هەردی دولبەر

**دیزاین**

گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**

چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**

٥٠٠دانە

**نرخ**

٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**

پاییز ٢٠٢٦

**٥١**



**دەستەی نووسەران:**

نەجیبە قەرەداخی
پ.د. سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**

د. محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**

گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**

ئەحمەد باجەلانی

له سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.

azadikomelge@hotmail.com

# پێڕست


پێشەکی ........ ٧

کۆمین؛ بنچینەی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنیتەی دیموکراتییە
جەمیل بایك ........ ٩

هزرینی ئۆجالان؛ پێواژۆی بەکۆمەڵگەکردنەوەی کۆمەڵگە
وریا ئەحمەد ........ ٣١

سرووشت وەك بنەچەی ئەخلاق
پیتەر کرۆپۆتکین ........ ٧٧

لە تاکگەرایی لیبراڵەوە بۆ کۆمەڵگەی کۆمۆناڵ
عەلی ئەحمەد ........ ١٠٩

پاراستنی جەوهەری، بنەمای ناسنامەی ئازادە
زەینەب یەشیل ........ ١٦٥

بۆکچین و ئۆجالان؛ دیالەکتیکی دیموکراسیی
جەنێت بیڵ ........ ١٩٧

سەبارەت بە ڕەگەتۆڕ، فەزای تەخت، ماشێنە جەنگییەکان و میدیای نوێ
ڤێرینا ئەندرمات ........ ٢٢٣

شکستی حوکمڕانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسۆی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیك
سیڤان سەعید ........ ٢٥١

ڕۆژئاوای کورستان؛ لە بەرداشی دەوڵەت – نەتەوەی بەعسەوە بۆ ئاسۆی ژیانی کۆمۆناڵ
گفتوگۆی ئازادیی کۆمەڵگە لەگەڵ ئاهین عەلی ........ ٢٨٩

ئەو کوڕەی نایەوێت ببێتە پاشا!
سوورێن ئیبراهیم ........ ٣١٥

ڕانانی پەرتووکی مانیفیستۆی ئاشتیی و کۆمەڵگەی دیموکراتیی
هەردی دولبەر ........ ٣٤٣

FREEDOM OF SOCIETY


## پێشەکی:

دەسەڵاتە ناوەندییە کلاسیکییە، ناکۆمەڵگەیی و باوکسالارییەکان، لەسەر لێواری خەرەندێکن، چونکە شتێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەری دەرهێناوەتەوە، شتێک کە لانیکەم لە سەد ساڵەی قەسابخانەی دەوڵەت-نەتەوەدا هەمیشە لابراوە: کۆمەڵگە. کۆمەڵگە بەپێی ڕاستینەی خۆی و چاندەکەی، تا دێت ناپێویستبوونی پەرگاڵە ناکۆمەڵایەتییە دەسەڵاتگەرەکانی لا ڕوون دەبێتەوە.

هەر ئەمەش پێش کردە و جووڵە، پێویستیی بە وەڵامێکی تیۆریی و داڕشتنەوەیەکی تری سیاسیی و کۆمەڵایەتییە وەک نەخشەڕێی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بەرانبەر هەرسێ ئەسپسوارە مەحشەرییەکە: سەرمایەداریی و پیشەسازگەرایی و دەوڵەت-نەتەوە.

لەم گێژاوەدا، ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان لە پێواژۆی خەباتی سەدساڵەی سۆسیالیزمدا، سەرچڵییەکی تیۆریی دەکات؛ ئەو وەک هەڵهێنانی مەتەڵی ستەمکاریی، بە گوێی کۆمەڵگەدا دەچرپێنێت: «تێکڕای مێژووی مرۆڤایەتیی، بریتییە لە ململانێی نێوان کۆمۆن و دەوڵەت». شەڕی چینێکی سەردەست و زۆرینە لەگەڵ جڤاکە هەمەچەشنە چەوسێنراوەکەی کۆمەڵگە.

ئەم ژمارەیەی «ئازادیی کۆمەڵگە» ئاوڕدانەوەیەکی هەمەلایەنەیە بۆ ململانێی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵاتە چەپۆکسالارەکانی دەوڵەت و سەردەستەکان، کە تێیدا ڕێگەی ڕزگاریی بە ئازادیی ژن و ئەنتیگراسیۆنی دیموکراتیک دەستەبەر دەکرێت. ژمارەکە بە خوێندنەوەیەکی بنکۆڵئاسا و هەمەلایەنەی کۆمین وەک وەڵامی دەسەڵاتگەریی کەمینەی دەوڵەتەوە دەست پێ دەکات و تا ڕوانگەی چارەسەرسازی کۆمۆناڵ و ڕۆڵی میدیا و ئەگەری ڕزگاریی لە تۆڕەکانی چاودێریی دەسەڵات درێژ دەبێتەوە. هەروەتر، هەوڵی درووستکردنی گفتوگۆ لەگەڵ پێشەنگانی ئەنارشیست دەدات و بە خوێندنەوەیەکی گشتگیر بۆ دوامانیفێستۆی ڕێبەر ئۆجالان، ئاسۆی بەرجەستەکردنەوەی سیاسەتی کۆمۆناڵ لە ڕۆژئاوای کوردستان دەخاتە ڕوو.



# سەبارەت بە ڕەگەتۆڕ

## فەزای تەخت، ماشێنە جەنگییەکان و میدیای نوێ

ڤێرینا ئەندرمات کانلی
لە ئینگلیزییەوە؛ ئازادە ڕەحمانیی

پـێ دەچێـت ماشـێن و تەکنەلۆژیـا سـەرپاکی نووسـینەکانی دولـۆز و گۆتارییـان بنجکۆڵ کردبێت. دولـۆز پێـی وایـە؛ ئامێـرەکان هەمیشـە بەشـێکن لـە گرێچنێک(i)ـی بەکۆمـەڵ، جـا بۆیـە ئـەو فۆرمـە کۆمەڵایەتییانـە دەنوێننـەوە وا ژیانیـان پـێ دەبەخشـن. لـە ڕووی مێژووییـەوە ئەگـەر ماشـێنە پـڕوزەکان نوێنەرایەتیـی کۆمەڵگـەی بۆرژوازیـی دیسـیپلینکراوی سـەدەی هـەژدە و نۆزدەیـان کردبێـت، ئـەوا کۆمپیوتـەر و ئامێـرە ئەلیکترۆنیـی و سـایبێرنێتیکییەکانی ئەمـرۆش، نوێنەرایەتیـی ئـەو شـتە دەکـەن وا دولـۆز بـە کۆمەڵگـەی کۆنترۆڵکراو ناوبـردەی دەکات. خاڵـی دووەم ناتوانرێت لەو گۆڕانەی لە سـەرمایەدارییدا ڕووی داوە، هەڵبواردە بکرێت، ئەو گۆڕانکارییەی وا سـەرمایەداریی لـە قازانجپەرەسـتیی و کەڵەکەبوونـەوە بـەرەو سـووڕانەوە هەڵدەسـووڕێنێت، ئـەو پێـواژۆ ئەبسـتراکت و فـرە جـار سـەربەگێژەیەی کڕینوفرۆشـی بەرهـەم وا بازاڕکردنیـان لـە خـودی بەرهەمەکـە گرنگتـرە. دولـۆز پـێ لـە سـەر ئـەوە دادەگرێـت گوایـە کۆمەڵگای ئێمـە چیتـر تەنیا کۆمەڵگەیەکی لەخۆگـر(ii) دەرپەڕێنـەر(iii) و سـنوورکێش نییـە، بەڵکـوو کۆمەڵگایەکی شەپۆلئاسـایە و یەکبیـن دەڕسـکێت. ئـەو تەکنۆلۆژیـا دیجیتاڵییانـەی سـووڕانەوە چـالاک و بەتـاو دەکـەن، بەشـێکن لـە کۆمەڵگەیەکـی تۆڕمەنـدی جیهانداگـر و هیـچ کەوشـەن و سـنوورێکی دەرەکییـان نییـە.

نووسـینەکانی دولـۆز و گۆتاریـی ڕیزێـک چەمکـی بەرفـراوان

(i). Assemblage
(ii) .Inclusion
(iii). Exclusion

دەگرنەوە، لەوانە ڕەگەتۆڕ(i)، فەزای تەخت و ماشێنە جەنگییەکان. زۆر کەڕەت دەوترێت ئەوان شیکارییەکی بەرهەمداریان بۆ کاریگەرییە کەلتوورییی و کۆمەڵایەتییەکانی تەکنۆلۆژیا دیجیتاڵییەکان و میدیای نوێ کردەنیی کردووەتەوە. پێش ئەوەی بپرسین چۆن دەتوانین ئەم چەمکانە بۆ مامەڵە لەگەڵ گرنگیی کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی میدیای نوێ لەمڕۆدا بەکار بهێنین، بە کورتیی چاوێکیان پیا دەخشێنمەوە، بەو پێیەی لە پاش ساڵی ١٩٦٨ـەوە پەرەیان سەندووە. داخۆ ڕەگەتۆڕ و ماشێنە جەنگییەکان دەتوانن یارمەتیدەرمان بن بۆ بەرەنگاربوونەوە ئەو میکانیزمە نوێیانەی کۆنترۆڵ وا لە گۆڕەپانەکەدان – جا ئەم بەرەنگارییە گەرەنتیی بێت یان ئەگەردار؟– ئایا دەتوانن ببنە دەستپێچی داهێنان و گۆڕانکاریی پانوپۆڕتر؟ گەلۆ ڕایەیان دەکەوێت دەرگە لەسەر فەزای نوێ بخەنە سەر پشت؟

دولۆز و گۆتاریی بە پێچەوانەی ئەو بیرمەندە فەڕەنسییانەی هایدگەر دەکەنە سەرمەشق، ئەو تەکنولۆژیایانە بە بانگەشەی؛ ‹‹مرۆڤ لە مرۆڤایەتیی دەخەن››، ڕەخنەباران ناکەن کە جێیان بە وێنەی کۆنتر و ئاڤاتارە بەسەرچووەکانی خۆیان لێژ کردووە. ڕاستییەکەی دولۆز و گۆتاریی بە قووڵیی ئارەزوومەندی «بوونبە»کانن، کە هەم لە نێوان مرۆڤ و ماشێنەکاندا ڕوو دەدەن و هەمیش لەو سوبژێکتیڤیتانەی دەسگیرۆدەی کۆمپیوتەرەکانن(ii) (Deleuze and Guattari ١٩٨٧: ٥). ئەوان پێیان وایە پرسەکە هاوکات بریتییە لە ئاڕاستەکردنەوەی ئەو ڕۆڵەی تەکنۆلۆژیا لە

(i).Rhizome
(ii).Computer-assisted

کۆنترۆڵی کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکانی ئەمڕۆدا دەیگێڕێت، هەروەتر بەرپەرچدانەوەی کاریگەریی و دەرئەنجامە زیانبەخشەکانی ئەو دژایەتییە دووانەیی(i)ـانەیەی پێ دەچێت لە خودی سرووشتی ئەم جڤاکانەدا ڕەگیان داکوتابێت. کۆمپیوتەر و زۆربەی تەکنولۆژیا دیجیتاڵییەکان کەم تا زۆر زانیارییەکانیان بە درێژایی ڕێ هەمیشە دووانەییەکان ئاڕاستە دەکەن. لە ڕووی لۆژیکییەوە، دژایەتیی دووانەیی لە هەموو خاڵێکی دووانەییدا سەر بە پەرگاڵی میتافیزیکی کلاسیکە و ئەمەش بە پێودانگی لۆژیکی دژایەتیی دامەزراوە، هەمان ئەو پەرگاڵەی فەیلەسووفەکانی نێو جۆشوخرۆشی ساڵی ١٩٦٨ دەکۆشان هەڵی بوەشێننەوە. وەک چۆن دولۆز و گۆتاریی کردیان: ئەوان بڕیاریان دابوو ئەو بیرکردنەوە پلەدارییە ڕۆژئاواییەی وەک درەختێکی ڕیشکدار وێنایان دەکێشا، لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکێشن،– ڕەنگە ئەم بیرکردنەوەیە لە چوارچێوەی ئیکۆلۆژیی ئەمڕۆدا تا ڕادەیەک پێشوازیلێنەکراو بێت. دولۆز و گۆتاریی بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە سرووشت لە بیری مرۆڤ ئەولاتر دەچێت. ئەوان پەنا وەبەر ڕووەکناسیی و فەلسەفەی ڕۆژهەڵات دەبەن، لەوێندەر ڕەگەتۆڕ وەک چیمەنێک یان جۆرێکی «لقی ژێرزەویی» دەبینرێتەوە و فۆڕمی چەشناوچەشنی هەیە. «تەرزکوتانی وەک پڕوپۆی ڕووکارەکەی بە هەموو ئاڕاستەکاندا، تا چڕبوونەوەی لە نێو پیاز و سەلکەکاندا» (Deleuze and Guattari: ١٩٨٧: ٦–٧). ڕەگەتۆڕەکان لە هێڵ چنراون نەک خاڵ. بەبێ سەرەتا و کۆتایی. لە دەڤەرێکەوە نەک شوێنێکی دیاریکراو، بەڵکوو ناوەڕاستێک،

---

(i) .Binary

لـە مەودایەکـی ناڤیـن و پانتاییەکـی ئاوێتـەوە تێهەڵکێـش کـراون. لـە کاتێکـدا دارەکان هەمیشـە بـە یـەک شـێوە گەشـە دەسـەنن، لـێ ڕەگەتـۆڕەکان یەکبیـن لـە گۆڕانـدان. ئـەوان بەشـێکن لـە فرەیییـەک کـە هەرگیـز یەکەیـەک (N-1) نییـە. ئـەوان لـە سـەر تێکەڵاویـی و پەیوەندیی نایەکڕەنگ گەشـە دەسـەنن، جا وە(i) جێی یـان ئـەم یـان ئـەو دەگرێتـەوە. کۆکردنـەوە جـێ بـە دژبەریـی لێـژ دەکات.

کەواتـە سـەیر نییـە کاتێـک خوێنـەران ڕەگەتـۆڕ بـە کۆمپیوتـەر و ئـەو تێگـە تۆڕئاسـایەوە گـرێ بـدەن. تـۆڕەکان وەک ڕەگەتـۆڕ هیـچ ناوەنـد و سـنوورێکی داخراویـان نییـە. دولـۆز و گۆتاریـی ڕەگەتـۆڕ وەک چەمکێـک بـۆ شـێوازێکی نوێـی بیرکردنـەوە شـیتەڵ دەکـەن، کـە دەتوانێـت بیرکردنـەوەی پلەداریـی و درەختئاسـا بـە پێودانگـی «یـان ئـەم یـان ئـەو» بـۆ پەراوێـز داکشـێنێت. ڕەگەتـۆڕ «باشـترین و خراپترینـی هەیـە: هـەم پەتاتـە دەگرێتـەوە هـەم چیمـەن و هـەم گژوگیـا» (Deleuze and Guattari ١٩٨٧: ٧). دەکرێـت ڕەگەتـۆڕ یان لە دۆخێکی گەشەسـەندا ببڕێتەوە یان ئاژاوەیەکی بێسـنوور، سـا هەرگیز بـە تەنیـا بوونـی نییـە. دار و ناوەنـد و لوتکـە و پلەبەندییـەکان هـاوکات لـە ڕەگەتـۆڕدا شـێوە دەگـرن و لـە جووڵەیەکـی نەپسـاوەی لەقەڵەمرەوخسـتن(ii) و بەقەلەمڕەوکردنەوە(iii)ـدا دەگەڕێنـەوە بـۆ دۆخـی سـەرەتایی خۆیـان. بـە پێچەوانـەی درەختـەوە کـە بـە ئـارەزووی خـۆی پـەرە بـە بوونێکـی جێگیـر و چەقبەسـتوو ئـەدات ("داربـەڕووی بچـووک دەرەنجامـی گەشـەی داربـەڕووی گەورەیـە")،

---

(i). And
(ii). Deterritorialization
(iii). Reterritorialization

ڕەگەتۆڕ بە چنینێکی ناسک و هەڵکەوت لە جووڵەی بەردەوامدایە. ڕەگەتۆڕ تەخت و ناهاوسەنگە، لەبری ئەوەی گەردوونێکی ڕێکوپێک بێت، بەشێکە لە کایۆسمۆس(i)، ئۆزمۆزێکی(ii) ئاڵۆزی پەیوەندییە هەمەچەشن و گۆڕاوەکانە. ئەمەش بە ڕوونیی تا ڕادەیەک پەیوەندیی بە چەمکی ئەو تۆڕەوە هەیە وا ئەمڕۆ هێندە گوڕی سەندووە، ئەو تۆڕەی وا کارێک دەکات بیری دولۆز و گۆتاریی بۆ شیتەڵی کۆمەڵگا هاوچەرخەکان ئاوا بەرهەمهێنەر بێتە بەر دیدە، جا ئەمانە بە سووڕانەوەی ئەلیکترۆنیی زانیاریی تایبەتمەندن.

بەڵام سەرەڕای ئەم نزیکایەتییە ڕواڵەتییەی نێوان ڕەگەتۆڕ و تۆڕە دیجیتاڵییەکان، یان نێوان فەزای تەخت و ناڕێزبەندیی و زانیارییە خامەکان، هیچ هاوتاییەک لە نێوانیاندا دیار نییە. لە کاتێکدا تۆڕەکان پەیوەندییە ئاسۆییەکان ئاسان دەکەن، بەڵام هاوکات ڕێ بە ڕێکخستنەوەی ناوەندەکان دەدەن و بەشێکن لە بیرکردنەوەی درەختئاسا. ڕاستییەکەی بۆ دولۆز و گۆتاریی، خاڵی دووهەم، دەکرێت بە تایبەت لە جیهانێکی کۆمپیوتەرێنراودا باو بێت کە لە ڕووی ژمارە دووانەییەکانەوە کار دەکات و ڕووبەڕووی لێشاوی ڕەخنەی فرەی ئەوان بووەتەوە:

---

(i).Chaosmosis. لە فەلسەفەی فێلیکس گۆتارییدا، کایۆسمۆز ئاماژەیە بۆ ئەو پێواژۆ بەردەوام و چالاکەی بە هۆیەوە ئاژاوە (کایۆس) و ڕێکوپێکیی (گەردوون)، تێکەڵ دەبن و فۆڕمی نوێی سوبژێکتیڤییەت و واتا بەرهەم دەهێنن. ئەم چەمکە ناوەندی کارە کۆتاییەکەیە، کایۆسمۆز: پارادایمێکی ئەخلاقیی-جوانییناسییە (١٩٩٢)، جا باسی ئەوە دەکات سوبژێکتیڤییەت جەوهەرێکی جێگیر نییە، بەڵکوو بنیادێکی شل و هەمیشە پەرەسەندووە و لە ژێر کاریگەریی هێزە جۆراوجۆرەکاندایە، هەروەتر ئاڵنگاریی چەمکە نەریتییەکانی ناسنامە و پێکهاتە جێگیرەکان دەکات.

(ii)Osmosis: بڵاوبوونەوەی ئاو یان توێنەرێکی ترە، لە گیراوە ڕوونتر (تواوە)کەوە بۆ نێو پەردەیەکی نیمچەتێپەڕ، بەپێی توێنەر. لە بەستێنی فەلسەفیی کایۆسمۆزی فێلیکس گۆتارییدا، ئۆزمۆز ئاماژەیە بۆ گۆڕینەوەی تێپەڕین لە نێوان جیهانە جیاوازەکاندا.

سیستەمی درەختئاسا سیستەمێکی پلەبەند و کاکڵەدار و سووژەسازە، قورمیشکراوێکی ناوەندیی لە وێنەی بیرگەی ڕێکخراو. لەم مۆدێلە هاوشێوانەدا، بەشێک تەنیا زانیاریی لە یەکەیەکی باڵاترەوە وەردەگرێت، یان هەستێکی سوبژێکتیڤ لە سۆنگەی ڕێگا پێشوەختە دیاریکراوەکانەوە وەردەگرێت. ئەمەش لە کێشەکانی ئێستای زانستی زانیاریی و زانستی کۆمپیوتەردا دەبینرێتەوە، کە تا ئێستاش بە کۆنترین مۆدێلەکانی بیرکردنەوەوە چەسپاون، بەو پێیەی هەموو دەسەڵاتێکیان بە بیرگە و ئۆرگانێکی ناوەندیی بەخشیوە (Deleuze and Guattari ١٩٨٧: ١٦).

دولۆز و گۆتاریی جیاوازییەکی دیار دەخەنە نێوان کۆمپیوتەر و ڕەگەتۆڕ. کۆمپیوتەرەکان بە ڕێگەی پێشوەختە دیاریکراودا دەڕۆن، ئەو زانستە بە دەساوێژی گرتوون وا بەپێی بنەمای دژایەتییە دووانەییەکان و بیرکردنەوەی پلەداریی و تاڕادەیەکی زۆر درەختئاسا نە داهێنان بەکار ئەهێنێت و نە پاڵپشتیی ئەکات. کۆمپیوتەرەکان بەهۆی کارکردنی میکانیکییەوە ڕەگەتۆڕیی نین. خاڵی گرنگ ئەوەیە نەکەویتە داوی فرەییەکی ساختە و ئەو زانستەی بەپێی بنەمای دژایەتیی دووانەیی و بیرکردنەوەی پلەداریی دامەزراوە. بۆ ڕەگەتۆڕسازیی، دەبێت مرۆڤ پەیوەندیی لە دەرەوەی ڕێڕەوی پێشوەختە دیاریکراوەوە درووست بکات، لە «ناوەڕاستەوە، کاتێک شتەکان خێراتر دەبن»، ئەمە ئەو شتەیە وا کۆمپیوتەر و زانستی زانیاریی ناتوانن و نایکەن. ڕەگەتۆڕەکان پلەبەند نین و بەشێک نین لە سیستەمی دووانەیی. وەک گرێچنی

تاک یان کۆمەڵ، دەتوانن لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییانەوە بڵاو ببنەوە وا دەبنە هۆی بوونبە. هەروەها دەتوانرێت یەک بخرێن و بیچمی دارێک وەربگرن. کەواتە پرسیارەکە ئەوە نییە تۆڕەکانی کۆمپیوتەر لەگەڵ ڕەگەتۆڕەکان یەکسان بکەین، بەڵکوو ئەوەیە بە دەساوێژی کۆمپیوتەر و میدیای ئەلیکترۆنیی، ڕەگەتۆڕییانە بیر بکەینەوە. بەم کارە، بەکارهێنەر پێکهاتە دووانەییە زاتییەکەی تێدەپەڕێنێت. خاڵە گرنگەکە ئەوەیە کە بە باشترین شێوە سوود لە تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵیی وەربگرین، ئەمەش بۆ بەرهەمهێنانی ئەو تۆڕانەی وا وەک ڕەگەتۆڕ دەجووڵێنەوە. دولۆز و گۆتاریی لە ڕێگەی ڕەگەتۆڕەوە پەرە بە چەمکی فەزای تەخت دەدەن، ئەمەش فەزای هێڵمەندی دەوڵەت و ماشێنە جەنگییەکان پووچەڵ دەکاتەوە (Deleuze and Guattari ١٩٨٧: ٣٥١–٤٢٣). ئەوان ئاماژە بەوە دەدەن وەک چۆن سەدەی سێزدەهەم لە سەوزەڵانی ئاسیا، کۆچەرییەکان ماشێنێکی جەنگییان داهێنا بۆ ئەوەی لە دەرەوەی سنووری بەرگرییەکەی لەگەڵ دەوڵەت بجەنگێن. پاش ساڵی ١٩٦٨، ئەوان بە باشیی دەزانن سوود لە ڕێکارێکی چالاکی ماشینە جەنگییە ئاسیاییەکان وەربگرن و بە هۆز و پیڕ و شەڕی گەریلاییەوە گرێی بدەن- ئەو توخمانەی هەموویان بەشێکن لە بوونبە-کەمینەیەکی گشتگیر و لە ناوچەکانی دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەتدا لەگەڵ دەوڵەت دەجەنگێن. بەڵام فەزای تەخت- وەک ڕەگەتۆڕ- ماتەوزەی ئەرێنیی و نەرێنییش هەڵدەگرێت. ئەو ماشێنە جەنگییە کۆچەرییەی تا ساڵی ١٩٨٠ شەڕی دەوڵەت دەکات بۆ ئەوەی فەزا بکاتەوە و بوونبە ئەگەردار بکات، وەک دولۆز و گۆتاریی ڕایدەگەیەنن، لەلایەن سەرمایەداریی

و ئەوەی ئیتر ڕاستەوخۆ «دەوڵەت» نییە، دەستی بەسەردا گیراوە. بە قەرز لە پۆل ڤێریلۆ، ئەم دوو فەیلەسووف و دەروونشیکارە، ئاماژە بەوە دەکەن چۆن بە تێپەڕینی کات، کۆمەڵگەی سەربازیی-پیشەسازیی (ئەو زاراوەیەی دوایت ئایزنهاوەر پاش ساڵی ١٩٥٤، لە کاتی شەڕی ساردا مشتومالّی دا)، دەستی بەسەر ماشێنی جەنگی کۆچەرییدا گرت و فەزای تەختی خۆی لە دەریا و ئاسمانەوە درووست کرد (Deleuze and Guattari ١٩٨٧: ٤١٨)

دولۆز و گۆتاریی بە دەستپێچی ڤیریلیۆ، پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە گەرەکە کۆمەڵگا بەپێی بارودۆخی ئەمڕۆ شیتەڵ بکرێت، واتە لە سەردەمی هەزار ڕووتەختی هەلومەرجی سەربازیی-پیشەسازییدا. بەڵام ڤیریلیۆ لە نووسینەکانی دواتردا ڕایدەگەیەنێت، کە پێکهاتەی سەربازیی-پیشەسازیی وەرسووڕاوە بۆ کۆمەڵەی سەربازیی-زانیاریی، پێکهاتەیەک، کە تەنانەت سنووری دەوڵەتی پێشووش بۆ ئاسۆی دنیایەکی جیهانگیر دەبەزێنێت. ڤیریلیۆ لە کتێبی بۆمبی زانیاریی (٢٠٠٠)دا دەڵێت؛ زانیاریی جێی بۆمبی ڕاستەقینەی گرتووەتەوە. ئەو جەنگە فرەتر ئابوورییەی وا لە سۆنگەی جڵەوکردنی مێشکی خەڵکەوە بەڕێوە دەچێت، جا ئەویش لە ڕێی ئەو تەکنەلۆژیایانەی زانیاریی بەرهەم دەهێنن و هەڵی دەسووڕێنن. لە کۆتایی سەدەی بیستەمەوە، سەرپاکی شیکارییە کەلتووریی و جڤاکییەکان، ناچارن بەپێی پێکهاتەی سەربازیی-زانیاریی ئەنجام بدرێن.

کەواتــە چــۆن دەتوانیــن چەمکەکانــی دولــۆز و گۆتاریــی لەبــارەی ڕەگەتــۆڕ و فــەزای تەخــت و ماشــێنە جەنگییەکانــەوە، کــە بــە تایبــەت وەڵام بــوون بــۆ هەلومەرجــی پێکهاتــەی ســەربازیی-پیشەســازیی پــاش ســاڵی ١٩٦٨، بەپێــی ئێســتا بگونجێنیــن؟ گەلۆ دەتوانیــن وەک چەشــنێک بەرگریــی داهێنەرانــە بەرانبــەر لایەنــە کۆنتڕۆڵکەرەکانــی میدیــای ئەلیکترۆنیــی لــە ڕەگەتــۆڕ بنۆڕیــن؟ ئاخــۆ ئــەو ڕەگەتــۆڕ و ماشــێنە جەنگییــە کۆچەرییانــەی لــە کۆتایــی شەســتەکاندا، دولــۆز و گۆتاریــی لــە بەســتێنی شۆڕشــە تیۆرییــەکان و بوونبە-کەمینەیەکــی گشــتگیردا دەیانبینــی، هێشــتا لــە فــەزای تەختــی ســەربازیی-زانیاریی ئەمــڕۆدا، بــەکارن؟ ئایا دەتوانیــن بــۆ شــیکاری کۆمەڵــگا دیجیتاڵییەکانــی ئەمــڕۆ بیانکەیــن بــە دەســتپێچ، لــەو جیهانــەی وا ســەرمایەداریی پــاش دەریــا و ئاســمان، دەســتی بــە ســەر زانیارییەکانیشــدا گرتــووە تــا فــەزای تەختــی ســاختە بۆ کۆنترۆڵی ســووڕانەوەی مرۆڤ و کاڵاکان درووســت بکات؟

زۆرێــک لــە ڕەخنەگــران باســیان لــەوە کــردووە گوایــە میدیــای نــوێ تــا ســاڵی ٩٥١٩ و تەنانــەت کۆتاییەکانــی ٢٠٠٠، تــا ئــەو کاتــەی تەکنۆلۆژیــا کۆمپیوتەریــی و دیجیتاڵییــەکان جێــی فۆرمــە دێرنەکانــی وێچوونیــان(i) گــۆڕی بــۆ هاوشــێوەســازیی(ii)، بــە شــێوەیەکی بەرفــراوان بــەکار نەدەهاتــن (Rodowick ٢٠٠١: ٢٠٣). دولــۆز و گۆتاریــی، هەردووکیــان لــە جەرگــەی بڵاوبوونــەوەی میدیــای نوێــدا مــردن. کاتێــک ئــاوڕ دەدەینــەوە، دەبینیــن ئــەوان لــە زۆر ڕووەوە پێشــبینیان کــردووە، یــان لانیکــەم بــە هۆشــیارییەوە ئاگاداری یەکــەم

(i). Resemblance
(ii). Similitude

نیشانەکانی ئەو گۆڕانکارییە گەورانە بوون وا ڕوویان دەدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەش کاریگەریی تەواوی میدیای نوێیان ئەزموون نەکرد، بۆیە ڕەنگە بپرسین گەر ئەوان مابان، چۆن نەختەنەختە خۆیان لە شرۆڤەکانی پاش ساڵی ١٩٦٨ دەتەکاند. لەوانەیە لە دەقەکانی دواتریاندا ئاماژەیەک هەبێت. لەم بەرهەمانەدا دولۆز و گۆتاریی گریمانەی ئەوە دەکەن گوایە داهێنان هاووتای بەرخۆدانە. بەم پێیەش، بۆ والاکردنی فەزای نوێ، برستی خۆیان فرەتر بۆ ئەدەب و مۆسیقا و نیگارکێشان تەرخان دەکەن نەک میدیای نوێ. ئەو کارە دوو بەرگییەی دولۆز لەمەڕ سینەما وا ساڵانی ١٩٨٣ و١٩٨٥ لە فەڕەنسا بڵاو کرایەوە، بە پلەی یەکەم لە فیلمی سێلولۆید(i) دەدوێت نەک وێنەی دیجیتاڵیی درووستکراو. دولۆز لە دوالاپەڕەکانی بەرگی دووەمدا پێشوازیی لە میدیای نوێ دەکات، لە باسێکدا، کە ناوی دەنێت پێکهاتە کۆن و نوێیەکانی وێنەکە. لە باسی جیابوونەوەی وێنە و دەنگدا، پێی وایە؛ وێنەگرتنی دیجیتاڵیی لە هاوتا ئەنالۆگەکەی پتر پشتیوانیی ئەم جیابوونەوەیە دەکات (دولۆز ١٩٨٩:٢٥٦–٨).

تەنێ لە بەرهەمە کۆتاییەکانیاندا، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٩ و ١٩٩٢ بڵاو کراونەتەوە، دولۆز و گۆتاریی زولاڵتر باسی میدیا تازەکان دەکەن، بە تایبەت لە ڕووی کاریگەرییە کەلتووریی و کۆمەڵایەتییەکانیانەوە، دولۆز بە هەستکردن بەوەی کە «وەرچەرخانێکی مەعریفەناسانە» ڕووی داوە و تا ئاسۆیەکی دوور

(i) ئەو مادەدیەی شریتی فیلمە سینەماییەکانی لێ درووست دەکرا.

لێکەوتـەی دەبێـت، زاراوەی «کۆمەڵگـەی کۆنترۆڵکراو»ـی زینـدوو کردەوە و بە چەشنێکی کاریگەر گشتاندی (Deleuze ١٩٩٥: ١٧٨)، ئـەم زاراوەیـە یەکـەم کـەڕەت ویلیـام بـارووز بـۆ چوارچێوەیەکـی سـەرتاپێ جیـاواز دایتاشـی.

ئـەم جڤاكانـە لـە سۆنگەی میدیـای نوێـوە کردەنیی کراونەتـەوە و هاوواتـای جیهانگیرییـن، ئەمـە ئەگـەر جیهانگیریی وەک سـووڕانەوەی زانیاریـی ئەلیکترۆنیـی لـە سەرانسـەری جیهانـدا پێناسـە بکەیـن. جێگای ئـەو دامەزراوەیـەی بە لەخۆگر و دەرپەڕێنـەر پێنـاس کراوە، نەرمەنەرمـە لەگـەڵ میکانیزمـی کۆنترۆڵـی گشـتگیر و لـە ڕێی فیدباک، ڕاپرسـیی و بازاڕگـەریـی بێوچانـەوە، گۆڕا. ئەمـەش بەبێ ئـەوەی واز لـە هێز و بـاوەڕی پێشـوویان بهێنـن. پێ دەچێت دولـۆز و گۆتاریـی کاتێـک لەبـارەی پەیوەندییـە دیجیتاڵییەکانـەوە دەنووسـن، ڕێبازێکـی کەمتر شـەڕانگێزانە بەرانبـەر ئـەم کۆمەڵگە کۆنترۆکراوانـە بگرنە بەر. لەگـەڵ لێشـاوی میدیـای نوێـدا، هـەم سـەرنجی فراوانبـوون و هـەم چڕبوونـەوەی سـەرمایەداریی دەدەن. ئـەوان بانگەشـەی ئـەوە دەکەن، کاتێـک مرۆڤـەکان یەکڕەنـگ و ئارەزووەکانیـان کۆنتـرۆڵ دەکرێـت، گـەر ئەگـەری بەرخـۆدان نەکردەنییش نەبێت، لێ زۆر لاوازە.

بۆیـە پەرەپێدانـی ڕێبازێکـی بیرکردنـەوە گرنگـە تـا مرۆڤـەکان بتوانـن لـە لێشـاوی زانیاریـی هەڵبێـن. بـۆ ئەمـەش پێویسـتە مـرۆڤ لـەو بێهۆشـییە قووڵـە ڕزگاری بێـت وا ئابووریـی سـەرمایەداریی لـە نێویـدا خەملاندوویەتـی. ئەنتۆنیـۆ نێگـری لـە چاوپێکەوتنەکەیـدا لەگـەڵ دولـۆز، ئامـاژە بـەوە دەکات؛ کـە لـە نووسـینەکانی دواتـری

دولۆزدا – بە تایبەت لە فۆکۆ(i) ( ١٩٨٦) و فۆڵد(ii) (١٩٨٨) – دەبینین لە سەردەمی فەزا ساختە تەختەکان و یەکڕەنگکردنە گشتگیرەکاندا، پتر گرنگیی بە سووژەسازیی دەدات، ئەویش لە ژێر کاریگەریی بازاڕگەریی و مارکێتینگدا. بۆ بەرپەرچدانەوەی لاوازبوونی بەرخۆدانی داهێنەرانە، دولۆز جەخت لەو پڕۆسانەی سووژەسازیی دەکاتەوە وا پێشتر لە پەڕتووکی هەزار ڕووتەختدا ورووژاندبوونی (Deleuze ١٩٩٥:١٧٥). کۆمەڵگە کۆنترۆڵکراوەکان جگە لە ئاڕاستەکردنی ئارەزووەکانی مرۆڤ، ستراتیژی خۆیان بە پێودانگی خێرایی سووڕانەوەی زانیاریی و فرۆشتنی ئەو بەرهەمانە دادەمەزرێنن وا هەنووکە بە کاری هونەریی دەیانناسێنن. پێ دەچێت دولۆز زیاتر ڕەشبین بێت لە سەرهەڵدانی گرێچنی تاک و کۆمەڵی نوێ. سەرهەڵدانی دەنگی نوێ – وەک دەنگی پرۆلیتاریا یان دەنگی جیهانی سێیەم لە ساڵی ١٩٦٨ و دەرئەنجامەکانی – لەو جیهانەی ڕێکلامدا وا هەموو بەهاکان بە پارە پێوان دەکرێن، ئیتر کردەنیی نییە. دولۆز پێی وایە پارە ئاخاوتنی داڕزاندووە. «ڕەنگە ئاخاوتن و پەیوەندیی داڕزابن. هەردووکیان سەرومڕ لە ژێر کاریگەریی پارەدان – بەڵام ئەمە هەڵکەوت نییە، بەڵکوو بۆ سرووشتی خۆیان دەگەڕێتەوە. دەبێت ئاخاوتن وەچنگ بخەینەوە، ئافراندن هەمیشە جیاواز بووە لە پەیوەندیی (Deleuze ١٩٩٥: ١٧٥).»

ئەم ڕستانە ڕەنگدانەوەی بارگۆڕانی ساڵی ١٩٦٨ـە، ئەو دەمەی وا دیار بوو «دەستبەسەرداگرتنی ئاخاوتن» دڵی شۆڕشەکە بێت،

(i) .Deleuze, G. (1986), Foucault, Paris: Les Editions de Minuit
(ii). Deleuze, G. (1988), Le Pli: Leibniz et Ie Baroque, Paris: Les Editions de Minuit.

ئەو سەردەمەی ڕەگەتۆڕ و فەزای تەخت و ماشێنە جەنگییەکان بەستراوبوونەوە بە کەلتووورە پتەوەکانی پەراوێزەکان و جۆرێک لە بوونبە-کەمینەی گشتگیر. لای دولۆز، لەو کۆمەڵگە جیهانگیرە کۆنترۆڵکراوانەی وا بەپێی میدیای نوێ کار دەکەن، گرەتنی ئاخاوتن نەکردەنییە. لە کۆمەڵگەی زانیارییدا، کارامەیی مەعریفیی جێی چەمکە زیاتر دەروونشیکارییەکانی وەک ڕێخۆشکردن(i) دەگرێتەوە، کاردانەوە جێی هزراندن و بەدەستهێنان جێی ئافراندن دەگرێتەوە. هەربۆیە درووستکردنی پەیوەندیی داهێنەرانە و کردنەوەی گوزەرگەکان قورستر دەبێت. ئەوە خودی تەکنۆلۆژیا دیجیتاڵییەکان نییە دەبێتە هۆی سەرکوت و بیرکردنەوەی درەختئاسا، بەڵکوو چۆنێتیی پەیڕەوکردنیان لە کۆمەڵگادا ئەمە کردەنیی دەکاتەوە – هەرچەندە وا دەنوێنێت جیاکردنەوەی ئەو دووانە بۆ دولۆز تا دێت دژوارتر بێت.

کەواتە چۆن دەتوانرێت بەرانبەر ئەو میکانیزمە نوێیانەی کۆنترۆڵ، بەرخۆدانێکی داهێنەرانە لە نێو کۆمەڵگە کۆنترۆڵکراوەکاندا سەر پێ بخرێت، کە ئەمە ڕەوتی نەرم و بێکێشەی سووڕانەوەی زانیارییەکان پێشکەوتووتر دەکات؟ هەروەک چۆن سابۆتاژ-کردەی هەڵدانی پێڵاوەدارینەی (سابۆ)ی کرێکاران بۆ نێو مەکینەی کارگەکان- توانی بە تەواویی مەکینەکان پەک بخات، ئاواش بۆ دولۆز، ڤایرۆساوییکردنی کۆمپیوتەرەکان ڕۆڵی تێکدەر دەگێڕێت. بەڵام ڤایرۆسەکان هەڕەمەکیی و کوێرانە تۆڕەکانی کۆمپیوتەر لەکار دەخەن، بۆ نموونە لەکارخستنی ئەو تۆڕانەی هەوڵ دەدەن

(i). Frayage

فەزای تەختی «شایستە» درووست بکەن. دولۆز پێشنیاری ئەوە دەکات یەکێک لە ئەگەرەکانی دەربازبوون لە کۆنترۆڵ، بریتییە لە درووستکردنی بۆشایی دەرەپەیوەندیی یان سووڕشکێن لە ئاستی مایکرۆپۆلیتیک (وردەسیاسەت)ـدا (Deleuze ١٩٩٥: ١٧٥). ئەمە لە کاتێکدا دولۆز هەم هەڵکشانی دژوارییەکانی بەرەنگاربوونەوە و هەم لاوازیی بوونبە- کەمینەیەکی گشتگیر دەناسێتەوە، دولۆز نەک تەنیا پێویستیی درووستکردنی ڕەگەتۆڕ و هێڵەکان بەرباس دەدات، بەڵکوو پێویستیی پەنابردنی بێوچان بۆ ماشێنە جەنگییەکان لە سەردەمێکی نوێی دیجیتاڵییدا دەخاتە ڕوو، ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ سڕینەوەی ئەو بەها باڵادەستانەیە کە لە ڕوانگەی ئەوەوە بوونەتە هاوواتای سەرمایەداریی و بازاڕگەریی.

گۆتاریی کەمتر جەخت لەسەر پچڕان دەکات تا هەڵخلیسکانی پێشکەوتووانەی بەهاکان، واتە ئەوەی ناوی دەنێت؛ گۆڕانی بەردەوامی هەستیاریی و ئارەزوو و زیرەکیی. گۆتاریی لە سێ ئیکۆلۆژیا (٢٠٠٠) و کایۆسمۆس (١٩٩٥)ـدا، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٩ و ١٩٩٢ لە فەڕەنسا بڵاو کراونەتەوە، ئەوەندە پێشهاتە نوێیەکانی وەک میدیای گشتیی- بە تایبەت تەلەفزیۆن و فیلم- سەرکۆنە ناکات، بەڵکوو پێ لەسەر گرنگیی بنیادنانەوەی سووژە دادەگرێت، ئەو هەڵوێستەی وا سەرەتا نەختێک سەرسووڕهێنەرە. گۆتاریی هاوڕا لەگەڵ دولۆز دەنووسێت؛ میدیاکان هەموو شتێکیان بۆ یەکشێوەیی داکشاندووە: بەکاربەرانی سەرانسەری جیهان یەک خەیاڵدانیان هەیە؛ ڕاستینەی هەستیارییان ئاو لە هەمان خۆراکی هزریی دەخواتەوە. بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی ڕوو بدات، گەرەکە

ئـەو سـوبژێکتیڤیەتە هاوچەشـنانەی میدیـای گشـتییی بەرهەمـی هێنـاون، جێی خۆیـان بـە پرۆسـەکانی سووژەسـازیی بدەنـەوە، ئەمـە هاوشـێوەی ئەو شـتەیە وا لە بەرهەمە سـەرەتاییەکانیاندا لە سـەریان نووسـیوە. دەبێـت فـەزاکان بـە دەسـاوێژی بەرخۆدانـی تاکەکەسـیی و بەکۆمـەڵ، والا بکرێـن، گۆتاریـی پێـی وایـە؛ ئەمـە لـە سـۆنگەی پشـکنین و ڕێکخسـتنی سیاسـەتی جوانیناسـیی و ئەخلاقەوە بەردەوام دەبێـت. سـووژەی تـاک و کۆمـەڵ دەتوانـن لـە نـاوەوە کار لێـک دەکـەن. وەک گۆتاریـی ڕوونـی دەکاتـەوە: «شـتێک خـۆی دادەبڕێـت و بـۆ خـۆی دەسـتبەکار دەبێـت، ڕێکاوڕێـک وەک ئـەوەی دەتوانێـت بـۆ تـۆ دەسـتبەکار بێـت، ئەمـە گـەر بتوانـی خـۆت فـڕێ بدەیتـە نێـو پێواژۆیەکـی بـەو ڕەنگـە» (Guattari ١٩٩٥: ١٣٢-٣). ئـەم پرسـیارە تازانـە پانتایـی دامەزراوەکانـی وەک خێـزان، خوێندنگـە و دەوڵـەت دەگرنـەوە. هەروەهـا دەکرێـت سـووژەکان بکەونـە بـن بانـدۆری دەرەوەش. گۆتاریـی بەرپرسـیارێتیی ئەخلاقیـی وەبیـر ئـەو کەسـانە دێنێتـەوە وا لـە پێگـەی دەسـتێوەردانی دەروونـی ئەوانـی تـردان –جـا چ لـە بوارەکانـی تەلارسـازیی و پەروەردەدا بـن یـان مـۆد و خـواردن و شـارنشـینیی–. گۆتاریـی ئـەم جـۆرە بەرخۆدان و دەسـتێوەردانانەی لـە ڕەق و شـەڕانگێزیی پـێ باشـترە، کـە بـە بۆچوونـی ئـەو هێشـتا گرێـدراوی سـەرسـپاردنە بـە حزبـی کۆمۆنیسـت.

گۆتاریـی ئازارێکـی زۆری دەچێشـت بـۆ جیاکردنـەوەی ئـەو خولقاندنـە سـاختە ڤیتامیـن دەرخـواردراوەی وا بەشـێکە لـە سیسـتەمی سـەرمایەداریی و ئـەو داهێنانـە نوێیـەی دواجـار فـەزای نوێ دەکاتـەوە (Guattari ١٩٩٥:١٣٢). ئـەو ستایشـی سـوبژێکتیڤیتی

دەسگیرۆدەی کۆمپیوتەر دەکات، هاوکاتی ئەمە مافی دروووستکردنی ئەو هەرێمە هزرییانە دەدات وا بە هیچ خاکێکەوە نەگیرساونەتەوە و بۆ سنوورەکانی پێشوو بەرتەسک نەکراونەتەوە. گۆتاریی، وێڕای ئەوەی بەردەوام داکۆکیی لە گرنگیی هێڵ و بازدان دەکات، ئاماژە بە ڕەگەتۆڕ و ماشینە جەنگییەکان دەدات، بەلام ئێستا بە چاوخشاندنێک بە تیۆری ئالۆزیی ئیلیا پریگۆژین و ئیزابێل ستەنجر، واتە بە هەڵبەستنی پەیوەندیی لە نێوان ئەو سیستەمانەی هەمیشە دەرەناوەند و جووڵەزان و لە لێواری دووبەشبووندان. لە جیهانێکی ڕوو لە یەکڕەنگییدا، گرنگە سەرهەڵدانی فۆڕمی نوێ – تەنانەت فۆرمەکانی بازدانیش – واتە گرێچنی تاک و کۆمەڵی نوێ، ئەگەردار بکرێن. گۆتاریی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو بیرکردنەوە درەختئاسا بالادەستەی میدیاکان لە بەرگی فەزای زانیاریی تەختدا سەپاندوویانە، بەردەوامە لە بەرگریی لە لەقەڵەمڕەوخستن، ئەویش لە ڕێی بەرخۆدانی داهێنەرانەوە، واتە لە ڕێی هەموو ئەو هونەرانەی کۆمپیوتەرەکانیش دەگرنەوە و ناوی دەنێت هەمەچەشنیی میکانیکیی. ئەم هەمەچەشنییە میکانیکییە چیتر وەک سالانی جەنگی سارد ئەلتەرناتیڤ پێشنیار ناکات، بەڵکوو گۆڕانکارییەکی ناوەناوەی بەهاکانە و دەکرێت بازدانێکی کۆتایی لێ بکەوێتەوە.

بۆ دولۆز بەرگریی بریتییە لە والاکردنی بۆشایی و پچڕانی ڕەوتی پەیوەندیی. گۆتاریی وای دەبینێت وەرچەخان لە ئەنجامی خلیسکانی بەهاکانەوەیە و دەبێتە هۆی دووبەشبوون. بۆ ئەم دوو فەیلەسووف و دەروونشیکارە، میدیای دیجیتاڵیی ئەگەری خولقاندن پێشکەش دەکات، بەلام چڕبوونەوەی ئەو سەرمایەدارییە جیهانییەی

دولۆز بە «بەرهەمهێنەری نائاسایی سامان و نەهامەتیی» پێناسی دەکات (Deleuze ۱۹۹۵: ۱۷۲) و هەڵکشانی تیکەڵاویی لەگەڵ میدیای نوێ، تا دێت بەرخۆدان قورستر دەکات. لەگەڵ هێرشی جیهانی دیجیتاڵییدا، وابەستەبوونێکی بەهێز بە پەیوەندییەوە دەرسکێت، دولۆز و گۆتاریی پێیان وایە، ئەمە دەرگا لە سەر بڵاوبوونەوەی ڕێکلام و بازاڕگەریی دەخاتە سەر پشت. مسۆگەر بەرخۆدان، وەک ئەوەی لە دەیەی شەست ناسرابوو، کز داگەڕاوە. پەرگالی باڵادەست تا سنوورێکی باڵکێش بە سەر ئەو ماشێنە جەنگییانەدا زاڵدەست بووە وا بە شێوەیەکی داهێنەرانە گەلاڵە بوون. لێکدانەوەی بەپەلە جێی مەیلی تاقیکردنەوەی کۆمەڵایەتیی مارکسیزمی گرتووەتەوە. دەتوانین بێژین لە ساڵی ۱۹۸۹ـەوە، کە گۆتاریی ڕاستەوخۆ دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤێت ‹سێ ئیکۆلۆژیا›(i)ـی نووسی، جیهانگیریی کۆتایی بە دژایەتیی سەرمایەداری هێنا. دولۆز پێشتر ئاماژەی بەوە کردبوو؛ بەها ڕکابەرەکانی سەرمایەداریی لە ئەنجامی کێبڕکێی مووچە، یان ئەوەی ناوی دەنێت «قۆناغێکی قووڵتری پێواژۆی دەستکاریی کرێی کار»، نێوەکیی بوونەتەوە. بۆ سەرکۆنەی سەرمایەداریی، گۆتاریی هەڵسەنگاندنێک دەکات، ئەویش لە نێوان ئەو ماسییانەی بەهۆی ئاوی پیسەوە کوژراون و ئەو مرۆڤانەی بە شێوەیەکی ڕەمزیی بەهۆی پلانی چۆڵکردنی نیویۆرک و ئەتلانتیک دۆناڵد ترەمپ کوشتوونی (Guattari ۲۰۰۰:۴۳). پێ ناچێت ئەو خوێنەرە هاوچەرخەی بە بەرنامەی بەناوبانگی ئەم دواییەی کەناڵی ئێن بی

---

(i). Les trois écologies. Paris: Editions Galilée.

ســی (The Apprentice) ئاشــنایە، بتوانیــت لــەم لۆژیکــە تێبــگات. وەک ئیتیــان بالیبــار (٢٠٠٤) دەڵێت، لــەم قۆناغــەدا هیــچ بەرگرییەکی ڕێکخراو دژی جیهانگیریی لەگۆڕێ نییــە. ڕاستییەکەی بالیبار ڕەخنە لــە خــودی چــەمکی فــەزای تەختــی دولــۆز و گۆتاریــی دەگرێــت، چونکە پێــی وایــە سووکوئاســان بووەتــە گەمــەی دەســتی ســەرمایەداریی جیهانیی. لەبری ئــەوە باســی جۆرێــک لــە بەرخۆدانــی نوانــدن دەکات، ئەویش لــە ڕێــی شــتێکی وەک کــردەی زارەکییــەوە. ئــەو بەرخۆدانــەی لــە ســۆنگەی ســەربارخســتنی هەندێــک لایەنــی نەرێنیــی، دەتوانێــت بــەردەوام گوتاریــی باڵادەســت دابڕێژێتــەوە.

بەڵام ئەم پێشــنیازەی بالیبار پێی باشــە بیری لێ بکاتەوە، لەو شــتە دوور نییــە وا دولــۆز و گۆتاریــی لــە ڕێــی چەمکەکانــی نەخشــەسازیی و لەقەڵەمڕەوخســتن و بەقەڵەمڕەوکردنــەوەی بەردەوامــدا بانگەشــەی بــۆ دەکــەن. لــە کاتێکــدا گۆتاریــی ئیدانــەی میدیــای نــوێ دەکات کــە فــۆڕمــی کەســنەدیوی کۆنتــرۆڵــی کۆمەڵایەتیــی ئەگــەردار کــردووە، بــەڵام بــە تایبــەت وەک ســازێنەری ئەگەرێکــی تــازە تێیــان دەنۆڕێت. دولــۆز پێــی وایــە؛ دۆخــی کاروبــارەکان لــە کۆمەڵگــەی کۆنترۆڵکراودا نــە باشــترە نــە خراپتــر، ئــەو دەنووســێت: «پرســیارەکە ئــەوە نییــە کام سیســتەمی کــۆن و نــوێ دژوارتــرە یــان زیاتــر بەرگــە دەگیرێــت، چونکــە لــە هەردووکیانــدا کێشمەکێشــی ئــەو ڕێگایانــە هەیــە وا ئێمــە ڕزگار و کۆیلــە دەکــەن» (Deleuze ١٩٩٥:١٧٨). هــەرچەنــدە ژمــارەی دووانەیــی دیجیتــاڵ دەبێتــە هــۆی ناوەندگەرایی و پلەداریی، بــەڵام ئــەم دوو فەیلەســوف و دەروونشــیکارە بەردەوامــن لــە بانگەشــەی ئــەوەی ئــەوە میدیــای نــوێ نییــە داخســتن و کرانــەوە ئەگــەردار دەکات، بەڵکوو

شێوازی بەکارهێنانیانە لە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەوە چڕبوونەوەی سەرمایەداریی و دەستبەسەرداگرتنی میدیایە لەلایەن نوخبە باڵادەستەکانەوە کە سووژەی زۆمبیئاسا بار دێنێت و مرۆڤ لە بیری داهێنەرانە بێبەش دەکات. بۆ ئەوان ئەمە پرسی پێوەریشە. بازاڕگەریی و فیتیشیزەکردنی بێوێنەی پارە بە مەرامی جڵەوی خەیاڵ و ڕامالینی ئارەزووی بەرخۆدان و ڕزگاریی.

کەواتە با جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ ڕەگەتۆڕ و فەزای تەخت و ماشێنە جەنگییەکان لە ئەمڕۆدا. ئاوا دە ساڵێک لەمەوبەر، دولۆز زووتر لە گۆتاریی گەیشتە ئەو باوەڕەی میدیای نوێ، ئاسانکاریی بۆ پەیوەندیی و سەرمایەداریی دەکات و بەرخۆدان فرە دژوار دەکات. گۆتاریی بۆ ئەوەی لەو دۆخە تەزێنەرەی هەنووکە ڕامانچڵەکێنێت و تێکی بدات، بۆ ئاسۆی بەرخۆدانی داهێنەرانە هەنگاوی لێ هەڵدەگرێت. ئەو داوای تێگەیشتنی هەستیاریی و ئارەزووی نوێ دەکات. بەڵام ئەمڕۆ لەگەڵ پەرەسەندنی ئەو میدیا نوێیانەی بۆ دولۆز و گۆتاریی نامۆ بوون، دەتوانین بێژین؛ مرۆڤەکان هێند ئاسان کۆنترۆڵ ناکرێن. ڕاستییەکەی تەکنۆلۆژیا دیجیتاڵییەکان دەتوانن یارمەتیی خەڵک بدەن تا بە شێوازی داهێنەرانە بەرەنگار ببنەوە. ئەگەر ماشێنەکان ناوەندگەرایی و پلەبەندیی نوێ و ڕێڕەوی پێشوەختە دیارییکراو پەیڕەو بکەن، لێ پەیوەندیی سەرەوە بۆ خوارەوە (پلەداریی) و پێکهاتەکانی پەیوەست بەمە، ئەگەر نەکردەش نەبن، لانیکەم تا دێت دژوارتر دەبن. وەک چۆن دولۆز و گۆتاریی هەمیشە پێیان لە سەر دادەگرت، دەکرێت ڕەگەتۆڕ باش بێت یان خراپ. دوژمن دەتوانێت فەزای تەخت و ماشینە جەنگییەکان داگیر

بکات. بەڵام لەگەڵ لەدایکبوونی میدیای نوێ، هاوکات بووینەتە گۆڤانی پەرەسەندنی داهێنان و بەرخۆدان. گرنگ لێرەدا دابەشکردنی میدیای نوێ و هەڵکشاندنی یەکسانییە لە دەستڕاگەیشتن پێیدا، ئەمەش وەک زاراوە دەستکارییکراوەکەی فۆکۆ دەبێژێت؛ بۆ پاڵپشتیی فراوانکردنی مەعریفە و داوەشاندنی دەسەڵات.

خەڵک لە سەرانسەری جیهاندا پتر دەستیان بە ماشێنە هەرزانەکاندا ڕادەگات- بە تایبەت کامێرای ڤیدیۆیی و وێبکامەکان- ئەمانە توانای داهێنەرانە و بەرەنگاریی دەسەڵاتیان دەدەنێ، ئەویش لە ڕێی داهێنانی شێوازی نوێی نووسین و بەرهەمهێنانی وێنەوە. ئەگەر تەکنۆلۆژیای نوێ لەم جۆرە «دەستبەسەرداگرتن»ـە دیجیتاڵییەی جیهانی یەکەمدا بەرهەمدار بێت، ئەوا لە جیهانی سێیەمیشدا گرنگە، کە ماشێنەکان وەک ئامرازی بەرخۆدان دژی فۆرمە جۆراوجۆرەکانی چەوساندنەوەی ناوخۆیی و جیهانیی بەکار دەهێنرێن. بەرخۆدانێکی جیهانیی لەگۆڕێیە، تەنانەت ئەگەر ڕێکخراویش نەبێت؛ ئێستا نەک تەنیا بنکەی دەسەڵات، بەڵکوو چەندین دەستەی بچووکی بەرخۆدانی داهێنەرانەش هەن. دەتوانین بڵێین ئێستا، پانزە ساڵ پاش بڵاوبوونەوەی بابەتەکەی گوتاریی، درووستکردنی هەستیاریی و ئارەزوو و زیرەکیی نوێ لە گشت جێیەک، بە وردیی و یارمەتیی میدیای نوێ پاوەجێ دەبێت.

هەرچەندە ڕەنگە میدیای نوێ لە سۆنگەی یەکڕەنگکردنی سووژەکانەوە، داخستن و نایەکسانیی کۆمەڵایەتیی نوێی ڕەنگڕێژ کردبێت، بەڵام هاوکات کۆنترۆڵی تەواو پەرج دەداتەوە و هاوپەیمانیی نوێش بە خێراییەکی زیاتر ئەگەردار دەکات. میشێل دی سێرتۆ

پێشتر لە پەڕتووکی دەستبەسەرداگرتنی ئاخاوتندا نووسیبووی؛ لە هەر شوێنێک ئیمەیڵ هەبێت، ستەمکاریی لەگۆڕی نییە. ئەو نهێنییە ڕەهایەی دەسەڵات پشتی پێ بەستبوو، نەکردەنیی بووەتەوە. ئێستا «دەستەبژێری دەسەڵات»یش بەشێکن لە گێژاوی جیهانیی. زۆر جار خواستی کۆنترۆڵکردن لە ڕێی میدیا و دەستەبژێری دەسەڵاتی نوێوە بە هەڵە وەک ڕاستیی دەڕاستێنرێت. ژینگە کۆمەڵایەتییەکان، بە پێچەوانەی ئەوەی ئادۆرنۆ (٢٠٠١) سەبارەت بە میدیای نوێ دەیڵێت و پێچەوانەی ئەوەی پێ دەچێت دولۆز و گۆتاریی تەنانەت ئاماژەیان پێ کردبێت، لە سەرەوەڕا کۆنترۆڵ و دەستەمۆ نەکراون، یان تەنانەت لەلایەن میدیاوە دەستکاریی نەکراون. میدیای نوێ لە ڕێی بازارگەریی و ڕیکلامەوە هەمان شت بەرهەم دەهێنێت، بەڵام داهێنانی ناوازەش ئەگەردار دەکات — تەنانەت ئەگەر سنوورداریش بێت. دەستڕاگەیشتن و دەرەقەتهاتنی ئابووریی کۆمەڵێک میدیای نوێ یارمەتیدەرە بۆ بەرهەمهێنانی هۆشیاریی و کاراکردنی بۆ ئەو پۆلێنە کۆمەڵایەتییە تازانەی وا شێوازێکی سەرپاک جیاواز بۆ بوون و مامەڵە وەک سووژەی تاک و کۆمەڵ لە جیهاندا بەرهەم دەهێنن. ئەم شێوازە نوێیانەی بوون و نواندن، بۆ بەستنەوە و خولْقاندن، یارمەتیدەرمانە بۆ دووبارە بیرکردنەوە و تەنانەت دەرچوون لەو دامەزراوانەی دولۆز و گۆتاریی وەک دەوڵەت-نەتەوە سەرکۆنە و سەرزەنشتیان کردووون. لە سۆنگەی ڕەتکردنەوەی پێکهاتە کۆنەکانی لەخۆگر و دەرپەڕێنەرەوە، مرۆڤەکان بە شێوەیەکی ڕەگەتۆڕیی پێکەوە گرێ دەدرێن؛ کاتێک بەهۆی دۆزێکەوە کۆمپیوتەر و مۆبایلەکانیان

ڕاهێڵـی یەکیـان دەکـەن، فـەزاکان واڵا دەکـەن و ماشـێنی جەنگیـی درووسـت دەکـەن. دیسـان وەک دولـۆز و گۆتاریـی چەندیـن جـار جەختی لێ دەکەنـەوە، ڕەگەتۆڕ و ماشـینە جەنگییـەکان دەتوانن باش بـن یـان خـراپ. دەتوانرێـت لەلایـەن «جەنگخـوازان»، دەسـتەبژێری دەسـەڵات، یـان تیرۆریسـتانەوە بۆ هەڵبەسـتنی تۆڕی پەیوەندیـی لـە سەرانسـەری جیهانـدا بـەکار بهێنرێـن.

دولـۆز و گۆتاریـی پێشـبینیان کردبـوو کـە سـوبژێکتیڤیتەی دەسگیرۆدەی کۆمپیوتـەری نوێ، ڕۆژانـە زیاتـر بڵاو دەبنـەوە. برۆنۆ لاتـۆر بـە یاریدەی چەمکی ڕەگەتـۆڕی دولۆز و گۆتاریی، ئاماژە بەوە دەکات کـە لـە کاتێکدا لـە کۆمەڵگا ساردەکاندا پێکهاتـەی خزمایەتیی ڕەقـە، تاکـەکان ناسـنامەیەکی چەسـپیویان هەیـە و سەرسـەختانە لـە پێگـەی خۆیانـدا ڕەگیـان داکوتـاوە، لێ لـە کۆمەڵگا گەرمەکانـی وەک کۆمەڵگەی ئێمە، شووناسـەکان جێگیر نین. فرە کەڕەت شووناسـەکان لـە میدیای نوێـوە سـەرچاوە دەگرن؛ بـە شـێوەیەکی کاتیی لە شـوێنی یەکتربـڕی کۆمەڵێـک هێڵـی زۆردا سـەر هەڵـدەدەن (Latour and Hernant ١٩٩٨:٧٢)، ئـەم پێشـهاتانە بـە هیـچ شـێوەیەک مرۆڤایەتیی لـە مرۆڤبـوون ناخـەن و فـەزای نـوێ بـۆ مـرۆڤ دەکەنـەوە. دولـۆز و گۆتاریـی چەندیـن جـار ئاماژەیـان بـەوە کـردووە ئـەو پێکهاتـە کۆمەڵایەتییـە ڕەقانـەی لـە کۆمەڵگـە دیسـپلینکراوەکاندا بـە دەسـەڵاتە باڵادەستەکانەوە بەسـتراونەتەوە، دەبنـە هـۆی زیندانیکردنـی ئۆدیبیی سـووژە. ڕاماڵینـی نەزمـی هێمـای سـنووردار لـە ژێـر کاریگەریـی میدیـای نـوێ و دروسـتکردنی کایـەی ئەبسـتراکت (مۆسـیقا و فیلـم)، زیاتـر ئـەو جـۆرە ئۆتۆنۆمییـە بەرەوپێـش دەبـات وا بۆدریـار

(١٩٨٣، ١٩٩٦) لە مژاری ئۆبژەکان و مەسرەفگەرایی شیکاریی بۆ کردووە. لەگەڵ ژاکانی نەریتە تەقلیدییەکان، کوتوبەندی فەزاکان سست دەبن و مرۆڤەکان لە داهێنانی فەزای خۆیاندا ئازادن. ئەگەر یەکڕەنگکردن هەبێت، ئەوا چالاکیی ڕەگەتۆڕیی بێوێنە و هەڵکشانی دەستڕاگەیشتن بەو ماشێنە لێهاتووانەی جەنگیش هەیە وا بەردەوام فەزای تەختی کۆمەڵگەی سەربازیی-زانیاریی دەگۆڕن.

ئەوەی بۆ تاک ڕاستە، بۆ کۆمەڵیش دەگونجێت.ساڵی ٢٠٠١، دەیڤید ڕوودویک بە کورتیی باسی داهاتووی فەزای گشتییی لە ئینتەرنێتدا دەکات؛ ساڵانێک دواتر، فەزای گشتیی لە میدیای نوێدا زیاتر پەرەی پێ دەدرێت (Anderson et al. ٢٠٠٦; Poster ٢٠٠٦). ژمارەی ماڵپەڕەکان لە یوتیوب، مایسپەیس، فەیسبووک و شوێنەکانی تر، هەمیشە لە هەڵکشاندان و ئەو هەرێمە دەروونییە دەساچێن وا مامەڵە لەگەڵ هەزاران بابەتدا دەکات، لە بابەتی کەسییەوە بۆ سیاسیی. ئەو کەسانەی سەردانی ئەم پێگانە دەکەن، زۆر جار خەریکی بەرخۆدانی داهێنەرانەن، هەرچەندە بە دەگمەن ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی خودی سەرمایەداریی دەبنەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، پەردە لە سەر خراپبەکارهێنان و ئابڕووچوونەکانی لە بازرگانیی و حکومەتدا هەڵدەماڵن. میدیای نوێ، وێڕای ئەوەی لەسەر دووانەیی دیجیتاڵ کار دەکات و توانای دروستکردنی ناوەندی دەسەڵاتی هەیە، بەڵام لە میدیا کۆنەکان ئاسانتر و بەگوڕتر ئاسانکاریی بۆ لەقەڵەمڕەوخستن و بەقەڵەمڕەوکردنەوە دەکات. ئەو کەسانەی سەردانی ئەم پێگانە دەکەن، زیاتر بەهۆی ئارەزووی هاوبەشەوە پاڵنەریان لا دەڕسکێت نەک هەستی حزبیی پلەداریی.

ئێمە چەمکی میدیای نوێمان بەکار هێناوە تا کۆمپیوتەر و مۆبایل و وێبکام و ڤیدیۆکام و سی دی بگرێتەوە. بە یارمەتیی بۆچوونەکانی دولۆز و گۆتاریی، کە زۆر جار پێغەمبەرانەن، هەوڵمان داوە پێداچوونەوە بە مۆدێلەکانی ئێستای زاڵبوون و کۆنترۆڵدا بکەین، هاوکات ئەو شوێنانە بدۆزینەوە وا ئەگەری بەردەوامیی هەڵهاتنیان تێدایە. جیهانی دیجیتاڵیی فۆڕمی نوێی چەوسانەوە دەگرێتەوە -هێشتنەوە لە دۆخی نەبەکامیی و کۆنترۆڵکردنی سووژە و درووستکردنی نایەکسانیی نوێ- بەڵام فۆرمەکانی ڕزگاریی (ئازادیی بۆ پەیوەندیی و کردنەوەی فەزای نوێ) دەگرێتەوە. ئەمانە ئەو ئەرکانەن وا ماشێنەکان لە ڕژێمێکی دیاریکراودا جێبەجێ و هێڵکێشی دەکەن تا بزانن دەبێت کام فۆڕمی کۆنترۆڵ ڕۆڵ بگێڕێت. ئەگەر میدیای نوێ هاوکات چەوسێنەر و پاوانکاریش بێت، ئەوا پێچەوانەکەشی ڕاستە. پێوەرەکان لە جیهان و دنیای دیجیتاڵییدا، گۆڕاون، بۆ نموونە؛ پێوەرەکانی بەرخۆدان. جگە لەمەش، سەردەمی پاش ١٩٦٨، کاتێک دولۆز و گۆتاریی چەمکەکانیان پەرە پێ دا، بەرخۆدان کەمتر دژی سیستەمی سەرمایەداریی جیهانیی بە پێودانگی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمە، بەڵکوو پتر لەمەڕ نادادپەروەرییە تایبەتیی و سیاسیی و ئابووریی، کەلتووریی و ئیکۆلۆژییەکانەوەیەوە. ئەو سەرمایەدارییەی دولۆز و گۆتاریی وەک تاوانبارێکی سەرەکیی ناودێریان کرد و پێداگرییان لە سەر ئەوە دەکرد کە دەبێت مرۆڤ دژی بجەنگێت، جێگەی خۆی داوەتە درووشمە گشتگیرەکانی دیموکراسیی و مافەکانی مرۆڤ. پرسی ئەمڕۆ درووستکردنی دیموکراسیی [نوێ]یە نەک دژایەتیی

سـەرمایەداریی. دەکرێـت چەمکـی نوێـی وەک فـەزای تەخـت، هـەم وەک فۆرمێکی بەرخۆدان بـەکار بهێنرێت، هەمیش لەلایـەن زلهێزە باڵادەستەکانەوە داگیر بکرێت. وەک دێریدا ساڵی ٢٠٠٣ نووسیویێتی، پەیڤـی «دیموکراسـیی» فرەتـر بووەتـە کلێشـە. دیموکراسـیی خـۆی سیسـتەمێکی تەواوکۆ نییە، بەڵکوو یەکێکە لـەو سیسـتە دەگمەنانـەی وا پێکهاتەکـەی ڕێـی پـێ دەدات تـا بـەردەوام لـە کامڵبوونـدا بێت.

میدیـای نـوێ دەتوانێـت خراپتریـن بەرەنجامـی لـێ بکەوێتـەوە، وەک بنیادنانی ئـەو کۆمەڵگە زانیاریی–سـەربازییانەی وا لـە ڕەگەتۆڕی ساختە و فـەزای تەختـی هەڵفریوێن و ماشـێنی جەنگـی ساختە هەڵژەنراون، هەروەسا دەکرێـت بەرەنجامـی باشیشـی لـێ بکەوێتـەوە، وەک داهێنانـی ڕەگەتـۆڕی بێوێنـە و کرانـەوەی فـەزای نـوێ. ئەگـەر هەمـوو کارە داهێنەرانـەکان گۆڕانکاریـی بـەدوای خۆیانـدا نەهێنـن، ئـەوا لانیکـەم هەندێکیـان دەیهێنـن. هەندێک کار هێڵـی نەرمونیـان درووسـت دەکـەن – تەنانـەت هێڵـی هەڵهاتنیش – ئەمـە گرێچنـی تـاک و کۆمـەڵ ڕێـک دەخاتـەوە. وێـڕای ڕەتکردنـەوەی ئـەو مەترسـییە کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییـەی دیجیتـاڵ میدیـا و جیهانگیریـی درووسـتی دەکات. میشـێل فـرۆدۆن، سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی کایـە دو سینەما، سـوود لـە کارەکانی دولـۆز و گۆتاریـی دەبنیێت، ئەو نیشـانی دەدات کـە مرۆڤـەکان کاتێـک دەخولقێن، نازانـن ئایـا لـە نێـو ڕۆڵـە جڤاکییەکەیانـدا جووڵـەی کۆمەڵایەتیـی دەکـەن یـان ڕاسـتییەکەی کار بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی ئـەو ڕۆڵـە جڤاکیانەیـان دەکـەن، سـا جیاوازیـی بەرهـەم دەهێنـن و هەڵدەسـووڕێنن، ئەمـەش لەگـەڵ پەرگاڵـی باڵادەسـتی جیهانییـدا ناگونجێـت. ئـەو بانگەشـەی ئـەوە دەکات؛ هیـچ وەڵامێکـی ڕاسـت و درووسـت لەگـۆڕێ نییـە، بەڵکـوو تەنیـا هـەزاران تاقیکردنـەوە هـەن.

پاش ئەوەی ڕەگەتۆڕە داهێنەرەکان و ئەو ماشێنە جەنگییە ئەفسانەییانەی سالانی شەست یارمەتیی خوێندکاران و ژنان و گەلانی ژێردەست و داگیرکراوییان دا تا خۆیان ڕزگار بکەن، ئەوا ئەو هاوتا دیجیتالییانەیان وا بەهێزتر بوون، دەتوانن گوڕ بە خەڵک بدەن تا بە شێوازێکی نوێ دەست بەسەر کات و شوێندا بگرن. ئەمە کاری ئێمەیە فێر بین چۆن سەرچاوە تەکنۆلۆژییە پێویستەکان بەکار بهێنین، هەم بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی داهێنەرانە بەرەنگاری ستراتیژیی باڵادەستان ببینەوە و هەم پەیوەندییە ڕەگەتۆڕییە بێهەژمارەکان تاقی بکەینەوە.

## سەرچاوەکان:

Adorno, T. (2001), The Culture Industry: Essays on Mass Culture, New York and London: Routledge
Anderson, J. W., J. Dean and G. Lovink (eds) (2006), Reformatting Politics: Information Technology and Global Civil Society, London and New York: Routledge
Balibar, E. (2004), We, the People of Europe? Reflections on Transnational Citizenship, trans. J. Swenson, Princeton: Princeton University Press.
Baudrillard, J. (1983), Simulations, trans. P. Foss, P. Patton and P. Beitchman, New York: Semiotext(e).
Baudrillard, J. (1996), System of Objects, trans. J. Benedict, New York: Verso.
Bogue, R. (2003a), Deleuze on Literature, London and New York: Routledge.
Bogue, R. (2003b), Deleuze on Music, Painting, and the Arts, London and New York: Routledge.
De Certeau, M. (1997), The Capture of Speech, trans. T. Conley, Minneapolis: University of Minnesota Press.
Deleuze, G. (1986), Foucault, Paris: Les Editions de Minuit.
Deleuze, G. (1988), Le Pli: Leibniz et le Baroque, Paris: Les Editions de Minuit.
Deleuze, G. (1989), Cinema 2: The Time-Image, trans. H. Tomlinson and R. Galeta, Minneapolis: University of Minnesota Press.

Deleuze, G. (1995), Negotiations, trans. M. Joughin, New York: Columbia University Press.
Deleuze, G. (2005), Cinema 1: The Movement-Image, trans. H. Tomlinson and B. Habberjam, New York: Continuum.
Deleuze, G. and F. Guattari (1987), A Thousand Plateaus, trans. B. Massumi, Minneapolis: University of Minnesota Press.
Derrida, J. (2003), Voyous: Deux Essais sur la Raison, Paris: Galilée.
Frodon, J-M. (2006), L'art du Cinéma dans le Monde Contemporain à l'âge du Numérique et de la Mondialisation, Paris: Cahiers du cinéma.
Fruin, N. W. and N. Montfort (2003), The New Media Reader, Cambridge, MA: MIT Press.
Guattari, F. (1995), Chaosmosis, trans. P. Bains and J. Pefanis, Bloomington: Indiana University Press.
Guattari, F. (2000), The Three Ecologies, trans. G. Genosko, London: AthlonePress.
Latour, B. and E. Hernant (1998), Paris: Ville invisible, Paris: La Découverte.
Poster, M. (2006), Cyberdemocracy and the Public Sphere, Durham: Duke University Press.
Rodowick, D. (2001), Reading the Figural, or, Philosophy After the New Media, Durham: Duke University Press.
Virilio, P. (2000), The Information Bomb, trans. C. Turner, London: Verso.

سەرچاوەی وەرگێرانەکە:

Verena Andermatt Colney. "Of Rhizomes, Smooth Space, War Machines and New Media" in Deleuze and New Technology, ed. David Savat, Mark Poster( Edinburg university press, 2009), 32-43

# Freedom of society

intellectual, political, social & seasonal magazine

مـجلة حـرية المجتمع،

## لەم شوێنانە بەردەستە

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کۆژین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلا موحسین تەنیشت ڕەشە مۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزا و ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقوڕنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار). **پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەلا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون-کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەم و زین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەرمارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠ م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز). **دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).

www.KOMELGE.com